# کورد و فەلسەفە؛ کام فەلسەفە؟!

ناجی ئەفراسیاو

هەمیشە سنوری نێوان فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا، سنورێکی ڕوون و دیار نییە. چونکە ڕەنگە شتێك لە فەلسەفە بچێتە نێو ئایدۆلۆژیاوە، شتێکیش لە ئایدۆلۆژیا بێتە نێو سنوری فەلسەفەوە. بۆنمونە، "کۆماری ئەفلاتون" بریتی بوو لە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی کە دەرهاویشتەی فەلسەفەی ئەفلاتۆن بوو، هەروەك چۆن "شاری ئایدیاڵی"[1] دەرهاویشتەی فەلسەفەی فارابی بوو. "دەشێت تادوا ڕادەش، فەلسەفە بەتەواوی ئاوێتەی ئایدۆلۆژیا ببێت، بۆیە مرۆڤ نازانێت خاڵی سەرەتا ئایدۆلۆژیایە یان فەلسەفە، وەك ئەوەی لە "مارکسیزم"دا هەیە"[2].

کاتێك فەلسەفە و سیاسەت بەم شێوەیە ئاوێزانی یەك بن، یاخود ببنە تەواوکەری یەکتر و ڕۆڵیان لە گۆڕینی واقیعدا هەبێت. کەواتە دەبێت وەك کوردزمانێك سەرنج لە ئەرشیفی فەلسەفی و گەنجینەی کتێبخانەی کوردی بدەین ئایا تا چەند بە فەلسەفە ئاشناین و تاچ ڕادەیەك سەرچاوە فەلسەفییەکان بە زمانی کوردی (لە نوسین و وەرگێڕان) بەردەستن؟

ڕەنگە بەبەراورد لەگەڵ کتێبخانەکانی وڵاتانی دراوسێمان لەڕووی ئەرشیفی فەلسەفی و فەرهەنگی فیکرییەوە هەژارترین کتێبخانەمان هەبێت. لێرەدا نامەوێت باس لەو هۆکارە سیاسییانە بکەم کە تاکو ئێستا مێژوونووسانی کورد پاساوێکی ناسیۆنالیستانەیان بۆ هەژاریی کتێبخانە و ئەدەب و فیکری کوردی هێناوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی بڕوای تەواوم بەوە هەیە گەلی کورد دووجار چەوساوە بووە، جارێك لەلایەن داگیرکەرانەوە، جارێکیش لەلایەن چینی چەوسێنەر و حوکمڕانیی لۆکاڵییەوە.

---

[1]) المدینة الفاضلة.
[2]) ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە. د.حافظ الجمالي.

ئەگەرچی پێموایە بژاردەی ئەنتەرناسیۆنالیستیی کۆمۆنیستی چارەسەری سەرجەم گرفتە نەتەوەیی و عیرقی و ڕەگەزییەکان دەکات. بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنێین، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی تاکو ئێستا تەنها خەباتی لەدژی سیاسەتی نەتەوەی زاڵ و باڵادەست کردووە نەك خەباتی چینایەتی بکات، واتا کۆتاییهێنان بە مۆنۆپۆل و چەوساندنەوە و قۆرخکاریی چینی "ئەرستۆکۆات" بەسەر چینی "ڕەشوڕووت"دا.
چاخی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا، سەردەمی زێڕینی گەشەسەندنی فەلسەفە بوو. دەشێت بڵێین فەلسەفەی ڕۆشنگەری بووە پاڵپشتی شۆڕشی بۆرژوازیی فەرەنسی. بەڵام لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا، سیستەمی سەرمایەداری لەبری ئەوەی کۆتایی بە جەور و ستەمی سەردەمی دەرەبەگایەتی بهێنێت، کەچی لە فۆرمێکی تردا و بەدڕەندەترین شێوە و بەڕێژەیەکی زیاتر چینایەتی و چەوساندنەوەی تۆختر کردووەتەوە (بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم"تازەپێگەیشتوو" کە وەك پاشکۆ و موستەعمیرە ماونەتەوە و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانیش لە فۆرمی دەوڵەتێکی ئۆلیگارشیدان). لە ماوەی ئەم سێ سەدەدا، واتا لە ماوەی دەستڕۆیشتوویی سەرمایەدارییدا مێژوو چەندین شۆڕشی بەخۆوە بینیوە کە چینی چەوساوە بەسەر چینی چەوسێنەردا کردوویەتی، دیارترینیان شۆڕشی (کۆمۆنەی پاریس١٨٧١، ئۆکتۆبەری ڕووسیا١٩١٧، چین١٩٤٩، و شۆڕشی گەلانی ئەمریکای لاتین). ئەم شۆڕشانە دەرەنجامی خەباتی چینایەتی بوون، واتا لەپێناو نەتەوە و ئایین و مەزهەبێکی دیاریکراودا نەبوون.
لە سەدەی بیستدا هەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێك لە کوردستانی عێراقدا کرابێت، دەرهاویشتەی خەباتی نەتەوەیی بووە، ئەگەرچی زۆرجار سرووشیان لە خەباتگێڕە کۆمۆنیستەکانی وەك (لینین و ماو و چیڤارا) وەرگرتووە. هاوکات لەم بەشەدا هیچ سەرکردەیەکی سیاسی یان نوسەرێك بەدیناکرێت کە لەماوەی سەدەی ڕابردوودا تیۆریزەیەکی فیکریی بۆ بزووتنەی کوردی کردبێت، لەسەر ئاستی فەلسەفییش بەگشتی، واتا ئەوانەی دەقی فیکری و فەلسەفییان نوسیبێت یان تەرجومە کردبێت، دەبینین جاروبار ناوی (شاکر فەتاح یان ئەمیری حەسەنپوور یان مەسعود محەمەد) دەهێنرێت[٣]. لێرەدا ئەمە بە دەرفەت دەزانین تاکو ناوێکی تر سەرباری لیستی ئەو ناوانە بکەین کە هەوڵیانداوە چ بە وەرگێڕان و چ بە نووسین بە زمانی کوردی، دەرگا

[٣]) لێرەدا زیاتر مەبەستمان ماوەی نێوان ساڵانی هەردوو جەنگی جیهانی و سەرهەڵدانەکانی جوڵانەوەی کوردییە، تاکونیو سەدەی ڕابردوو. ئەگینا لەم سێ دەیەی ڕابردوودا دەقی فەلسەفی لەسەر دەستی هەردوو نووسەر و وەرگێڕ (د.محەمەد کەمال و د. حەمید عەزیز) و پاشان ڕەهەندییەکان گەشەدەکات و دەتوانین بڵێین خزمەتیان بە کایەی فیکری و فەلسەفی کردووە. خۆشبەختانە ئەمڕۆش لە سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەوە هەوڵگەلێکی زۆر لە شێوەی گروپ و تاکەکەسی لە ئارادان بۆ پەرەپێدانی ڕەوتی فەلسەفی و سەرپێخستنی ئایدیای سیاسیی ڕزگارکەر.

لەسەر فەلسەفە بکەنەوە. هۆکاری ناوهێنانی نووسەر و وەرگێڕ (محەڕەم محەمەد ئەمین)[٤]، دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ:

یەکەم/ ناوبراو لە ساڵانی ۱۹۵۰ تاکو ۱۹۷۰ دەروازەی لەسەر مەسەلەی فیکری و سیاسی کردووەتەوە کە لەو کاتەدا زمانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی زاڵ بووە.

دووەم/ ئەو لە نوسین و وەرگێڕانەکانیدا پرسی چینایەتیی وروژاندووە و زاراوەکانی "پرۆلیتاریا" و "بۆرژوازیی" لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا زەقکردووەتەوە. لەکاتێکدا لەو ساڵانەدا ڕۆشنبیری و جوڵانەوەی کوردی تەنها دۆزی نەتەوەیی بەهەند وەرگرتبوو.

ناوبراو لە ساڵی ۱۹٦۰دا نامیلکەیەك بەناونیشانی (مەبدەئە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە)[٥] ئامادەدەکات، کە چەند تەوەرێکی سەرەتاییی فەلسەفی لەخۆدەگرێت، دواتریش دێتە سەرباسی فەلسەفەی مارکسیزم و ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی و یاساکانی دیالەکتیك. بەسودوەرگرتن لە دەقی چەند بیرمەندێك، چەند تەوەرێکی بنەڕەتی و زەروریی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و نوسینی خۆی تێهەڵکێش کردوون. ناوبراو لە بەرهەمە فەلسەفییەکەیدا بەو پرسیارە دەستپێدەکات فەلسەفە چییە و بۆچی دەبێت فەلسەفە بخوێنین؟ ئەو دێتە سەرباسی فەلسەفەی بۆرژوازی و ئەو جیاوازییە گەورە دەردەخات کە لەنێوان فەلسەفەی بۆرژوازیی سەدەی هەژدە و فەلسەفەی بۆرژوازیی سەدەی نۆزدەدا هەبووە، پێی وایە ئەوەی یەکەمیان شۆڕشگێڕی بووە و ئەوەی دووەمیان دەبێتە کۆنەپەرست. بەڵگەش بۆ ئەمە بەراوردکاری لەنێوان دوو هەڵوێستدا دەکات: یەکەمیان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۷۷۹ سەروبەندی شۆڕشی بۆرژوازی، لەو کاتەدا بۆرژوازێکی شۆڕشگێڕ بەناوی (دیمۆلان) بەم شێوەیە سڵاو لە ڕۆژە نوێیەکان دەکات: "هەڵگیرسێ ئەو شۆڕشە هەڵگیرسێ! هەر هەڵدەگیرسێ ئەو شۆڕشە پیرۆزە، هەر دەگەین بەم ژیانەوەیە، هیچ هێزێك نییە بتوانێت بەربەستیی ئەمە بکات. ئەمە ئەنجامی بەرزیی فەلسەفە و سەربەستی و نیشتیمانپەروەرییە، ئێستا هیچ هێزێك ناتوانێت بمانشکێنێت". هەڵوێستی دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۸٤۸ لەو کاتەدا

---

[٤]) ناوبراو ساڵی ١٩٢١ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. کۆلێژی یاسای لە بەغداد تەواو کردووە، لە زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکاندا بە نووسین و وەرگێڕن بەشداریی کردووە بەتایبەتی (ژین، ڕۆژی نوێ، بەیان...)، ماوەیەك دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆژی نوێ بووە، پاشان بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری بەیان. ناوبراو هەڵگری ئایدیایەکی سۆسیالیستیانە بووە، دژی چەوسانەوە و چینایەتی قسەیکردووە. لە ساڵی ١٩٥٩دا چیرۆکێك بەناوی (ڕێگای ئازادی) بڵاو دەکاتەوە کە باس لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەکات، ئەو شۆڕشەی سیستەمی پاشایەتی لە عێراق گۆڕی بە سیستەمی کۆماری. دواتر لەلایەن (عەبدولکەریم قاسم)ەوە خەڵات دەکرێت. لە ساڵی ١٩٨٠دا پاش لێپێچینەوە و ئەشکەنجەدانی لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە، کۆچی دوایی دەکات.

[٥]) محەڕەم محەمەد ئەمین، کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی، چاپ و چەخشی سەردەم، ساڵی ٢٠٠٨، سلێمانی.

(تێیر)[٦] که کاربەدەستێکی بۆرژوازییە دەڵێت: "ئاخ خۆزگە لەمەوپێش کار چۆن دەڕۆیشت هەروا بڕۆشتایە، ئەگەر قوتابخانەکان وەکو جاران هەر لەژێر دەستی قەشەی کەنیسەکاندا بوایە، دڵم نەئەهات داوای کەمکردنەوەی قوتابخانەکان بکەم.. من بەئاشکرا داوای شتێکی تر دەکەم نەك ئەم مامۆستا بێ ئایینانە، کە حەز بە چارەی زۆربەیان ناکەم، من براگەورەکانم دەوێتەوە، من ئەمەوێت کەنیسە و قەشەکان دەسەڵاتی تەواو وەربگرنەوە، چونکە بڕوای تەواوم بە فەلسەفەکەیان هەیە، ئەو فەلسەفەی لە مرۆڤ دەگەیەنێت بۆئەوە هاتۆتە ئەم دنیاوە تاکو بە کلۆڵی بژێت. نەك ئەو فەلسەفەیەی بە ئینسان دەڵێت؛تۆ بۆئەوە هاتوویتە دنیاوە تاکو بە کامەرانی و[ئازادی]و [یەکسانی]بژێیت، ئەگەرنا ڕووبەڕووی دەوڵەمەندەکان ببەرەوە چونکە خۆپەرستیی ئەوان تۆی بێبەش و هەژار کردووە، ئەو چینە دەیانەوێت بۆ باشترکردنی گوزەرانی خۆیان ئەو شتەی دەوڵەمەندەکان پێویستیان پێی نییە لێیان بستێننەوە".

هەڵبژاردن و وروژاندنی ئەم پرسە لەلایەن بەڕێز(محەڕەم)ەوە دەرخەری فیکر و مەغزای سیاسیی ئەو نوسەرەیە، کە فەلسەفە لە حەزی زانینەوە دەبەستێتەوە بە دیدێکی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی واقیع و دەیکاتە مەشخەڵێك بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێبازی پێشکەوتنخوازانە. ناوبراو لە درێژەی ئەم کارە فەلسەفییەدا باس لە ژەهری ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە بۆرژوازییانە دەکات کە ڕۆژانە هۆشی خەڵکی پێ دادەڕزێنن و هۆشیاریی ساختە لەلای چینی هەژار و چەوساوە درووستدەکەن، "ژەهری بۆرژوازی" کتێبی ئابووریناسێکی مارکسیی فەڕەنسی (سەمیر ئەمین)ی وەبیرهێنامەوە، ناوبراو فیکری بۆرژوازی بە "ڤایرۆسی لیبراڵ" ناودەبات، کە چۆن بەدرێژای سێ سەدەی ڕابردوو ئەم ڤایرۆسە لە ئەوروپا بڵاوبۆتەوە و دواتر چووەتە ئەمریکا و پاشان بەبەهێزی گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا و لە وڵاتانی جیهانی سێهەمیشدا تەشەنەیکردووە. دیارە مەسەلەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کە (محەڕەم محەمەد) خستویەتییە بەرباس لەبەرئەوە بووە لەو سەردەمەدا فۆرمی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن بەو شێوەیە بووە. بەڵام ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە نیو سەدە دەبینین "لیبراڵیزم" بووەتە "نیولیبراڵیزم"و دەیان دەزگای میدیایی و ئەکادیمی و مەعریفی و هتد، هەیە کە ئەم ژەهر و ڤایرۆسە بە مێشکی خەڵکدا دەکەن و چینی چەوساوە لەسیاسەت دادەماڵن. لەو پەرتووکەی (محەڕەم محەمەد)دا ڕاسپاردەیەکی سەرنجڕاکێش هاتووە:"دەبێت نەوەکان تێبگەن چ ئەرکێکیان کەوتۆتە ئەستۆ، پێویستە لەسەریان بێوچان بەرەنگاریی ئەو فەلسەفەیە

---

[٦] Adolphe Thiers ، مارکس لە کتێبی (جەنگی ناوخۆیی فەرەنسا) دژ بە ئایدیکانی ناوبراو قسەیکردووە.

**بکەن کە نۆکەریی بەرژەوەندیی چەوسێنەرەکان دەکات، ئەوەش بە فەلسەفەیەك دەکرێت کە یارمەتی زەحمەتکێشەکان بدات لەدژی چەوسێنەرەکان. لێرەدا گرنگیی فەلسەفە دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەڕووی پراکتیکییەوە.. بۆ ئەو خەباتکارانەی لەپێناو ژیانێکی باشتردا تێدەکۆشن، هیچ بیروباوڕێکی زانستی لەبارەی جیهانەوە نییە جگە لە ماتریالیزمی دیالەکتیکی، یان فەلسەفەی مارکسی". بە خوێندنەوەی کۆبەرهەمە سیاسی و فیکرییەکەی (محەڕەم محەمەد) دوو هێڵی سەرەکیی فیکری ئەم نووسەرەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:**

**یەکەم/ ناوبراو فیکر و فەلسەفەی بە تاکە چەك زانیوە بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵانی خەڵك لەمەڕ گۆڕینی واقیع و گوزەرانی ژیانیان.**

**دووەم/ لەنێو سەرجەم ڕێباز و ئایدۆلۆژیای فیکرییەکاندا، فەلسەفەی مارکسیزم یان سۆسیالیزمی زانستی دەکاتە کەرەستەیەکی شۆڕشگێڕی بۆ ڕزگارکردنی چینی زەحمەتکێش و چەوساوە.**

**یەکێکی تر لەو ئەدیبانەی کە تاڕادەیەك هاوسەردەمی (محەڕەم محەمەد) بووە و دژ بە کۆنەپەرستی و جیاوازیی ڕەگەزی و چینایەتی شیعری نووسیوە، (قانیع)ی شاعیرە، کە بە شاعیری چەوساوەکان ناسراوە. لەدوای جەنگی جیهانیی دووەم، پاش ئەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە پەرەیسەند، (قانیع) دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی[٧] و ئیمپریالیزم دەوەستێتەوە. بۆیە بیرکردنەوەی لە کێشەی نێوان خاوەن موڵك و ڕەعییەتەکان قوڵتردەبێتەوە و تێکەڵ بە ئەدەبی شۆڕشی نهێنی دەبێت و جەمسەری فیکریی بە ئەدەبی شۆڕشگێڕانە جۆش دەخوات، بۆنمونە دەڵێت[٨]:**

**کاکی مالك پێم بڵێ بۆچی ئەمە ئایینتە**

**خوێن مژینی ژێردەستەی بێدەسەڵاتان دینتە**

**یەك قروشت دا بە ڕەجعیی تورك[٩] و تاپۆت گرتەدەست**

**تا قیامەت ئەم قروشە مایەکاری ژینتە**

---

٧) سیستەمی فیوداڵیزم یان دەرەبەگایەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی تاکو ساڵانی ١٩٦٠ بەردەوامیی هەبوو، واتا تاکو ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و سەردەمی باڵادەستیی شیوعییەکان. ئەمەش لە زۆربەی شیعر و بڵاوکراوەکانی ڕۆشنبیرانی ئەوکاتەدا بەڕوونی دیارە، ناوهێنانی -کوێخا و ڕەنجبەر- بەنموونە، هەربۆیە قانیع لە زۆربەی شیعرەکانیدا جووتیاران دەدوێنێت و بەرهەڵستیی دەرەبەگەکان دەکات. ئەمە لەکاتێکدا لە وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوودا (ئەوروپای ڕۆژئاوا)دا زاراوەکانی –بۆرژوازی و پرۆلیتاریا- ئەو دوو چینە بوون کە لە ململانێدا بوون. جیاواز لە کوردستان دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی گۆی زەویدا (قەیسەرییەتی ڕووسیا) تاکو شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧دا سیستەمی حوکمڕانیی لە ڕووسیا تێکەڵەیەك بوو لە سیستەمی سەرمایەداری و فیوداڵی.

٨) دیوانی قانیع، کۆکردنەوەی بورهان قانیع، چاپی شەشەم، ساڵی ٢٠٠٥ سلێمانی.

٩) دەسەڵاتی سیاسیی تورکیا لە جاران "کۆنەپەرست"ترە و بەداخەوە هەرێمی کوردستان لەژێر هەژموونی ئەو سەڵتەنەتەدایە.

فیکری سیاسیی شاعیر هەنگاوێك زیاتر دەچێتە پێشەوە و داوای یەکگرتنی جووتیاران و کرێکاران دەکات:

یەکگرن ئەی چینی جووتیار یەکگرن    یەکگرن ڕۆڵەی کرێکار یەکگرن[10]

کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم و ڕووخانی ڕژێمی "نازیزم" ناوەڕۆکێکی نوێ دەخاتە نێو شیعرەکانی شاعیرەوە و پێیوابوو بە قازانجی بەرەی گەلان و یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان کۆتاییدێت، بۆیە ڕوودەکاتە دەرەبەگ و هەواڵی شۆڕشی نهێنی دەدا بە گوێیدا:

گوێگرە قانوونی سۆسیالیستی دەنگی دایەوە

ڕۆژی مەرگت زۆر نزیکە ئەو دەنگە یاسینتە

نۆکەر و پێش خزمەت و کارەکەر و دایانەکەت

کەوتە ڕۆژی خۆی بزانە دوژمنی خوێنیتە

باخێکی هێندە قایم و مەحکەم نەبوویت من نەتگەمێ

دەستی ئیستیعمارە هێز و کۆمەك و پەرژینتە[11]

شاعیر تێڕوانینی سیاسیی خۆی بەڕوونی ئاشکراکردووە، بەڵام ڕەنگە ئەوەی دۆخی ئەمڕۆی کوردستان دەبەستێتەوە بە قانیعەوە، دوایین دێڕ بێت کە باس لە "دەستی ئیستیعمار" دەکات. ئەمڕۆ کوردستانی عێراق بە دۆخێکی سەختی ئابوری و سیاسی و سەربازیدا تێدەپەڕێت، چینی زەحمەتکێش و چەوساوەش هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی بەدیناکات کە پەنای بۆ ببات و لە ڕیشەکێشکردنی دەسەڵاتدا پشتی پێببەستێت. "ئیمپریالیزم"ی کۆنەزەرڤاتیڤ کە سود لە شەڕ و قاتوقڕی و برسێتیی گەلان وەردەگرێت، لەبەرامبەر ئەو قروش (بەرتیل)ەی شاعیر لەسەرەوە باسیکردووە پاڵپشتی لە دەسەڵاتی ئۆلیگارشی دەکەن و پێیان باشە هەمیشە هێزە کۆنەپەرستەکان حوکمڕانیی بکەن.

ئەو زاراوانەی لە ئەرشیفی هەردوو نووسەر و شاعیردا هاتوون ئەمڕۆ بەزیادەوە لە فەرهەنگی سیاسی و گوتاری شەقامدا بەدیدەکرێن. بەهۆی دۆخی سەختی گوزەران و

---

[10]) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[11]) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بژێویی ژیانەوە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا لە مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران و بێکاران خۆیان بە چینی چەوساوە و زەحمەتکێش و بەشخوراو هەژمار دەکەن. ئەوان لە هێڵێکی سەرەکییدا یەکدەگرنەوە، بە بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی "خانەدان" و "ڕەشوڕووت"لەلای (ژاك ڕانسێر)دەگەین بەو دەرەنجامەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان دۆخی سەخت و هەلومەرجی بابەتی و ئۆبێکتیڤ کاریگەریی خراپ لەسەر چینی باڵا دانانێت، بەڵکو ئەوانەی زەرەرمەند دەبن چینی ڕەنجبەر و هەژارە، ئەوانەی میراتی "ڕەچەڵەك"و "پێگەی لەدایکبوون" هیچ سودێکی بۆ ئایندەیان نەبووە و چاوەڕوانی مەرحەمەت و سەدەقەی ئەرستۆکراتەکان دەکەن. بەڵام وەك ڕانسێر دەڵێت ئایندە چاوەڕوانمان ناکات، ئەوەی هەیە بریتییە لە کار و خەبات، بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بە گێلی نەمرن. چونکە هیچ شتێك ڕزگارمان ناکات جگەلە ڕێڕەوێکی ئۆبێکتیڤ کە هەلومەرجی ڕزگاریی ڕادیکاڵانە درووستبکات. ڕەنگە دەوڵەت/دەسەڵات بتوانێت دەست بەسەر بازاڕ و کایەی گشتی و میدیادا بگرێت، بەڵام ناتوانێت ڕێگری لە خەونی خەڵك بکات، خەون بە داهێنانی فۆرمی ژیانی هاوبەشەوە. بەپێی فەلسەفەی سارتەر "بوون" پێش "ماهییەت" دەکەوێت، بۆیە دەڵێت"مرۆ بەرپرسیاری تەواوە لە سرووشت و بژاردەکانی خۆی"، واتا بەرپرسە لەو ئەکت و کردارانەی پێیهەڵدەستێت و ئەو بژاردانەی بڕیاریان لێدەدات. بە دەربڕینێکی تر، ئەوە خۆمانین ناوەڕۆکی خۆمان لەڕێگەی پرۆژە و بڕیار و دەسپێشخەرییەکانمانەوە دادەڕێژین.